سەيد حەكيم و سەرۆككۆمار پێويستى يەكخستنى هەوڵەكان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەى ڕكابەرييە ئابوورى و داراييەكان دووپات دەكەنەوە



بەڕێز سەماحەتى سەيد حەكيم سەرۆكى هاوپەيمانێتى هێزە نيشتمانييەكانى دەوڵەت ل□ نووسينگەى خۆى ل□ بەغدا پێشوازى لە فەخامەتى سەرۆككۆمار بەڕێز نەزار ئاميدى كرد لەم ديدارە بيروڕا ئاڵوگۆڕ كرا سەبارەت بە پێشهاتەكانى دۆخى سياسى عێراق و ئەو ڕكابەريانەى لەم قۆناغە ڕووبەڕووى دەبێتەوە.

سەماحەتى حەكيم و فەخامەتى سەرۆك داوايان كرد هەموو هەوڵەكان چڕ بكرێنەوە بۆ ئەوەى ئەو ڕكابەريانە تێپەڕ بكرێن بە تايبەتى لەسەر ئاستى دارايى و ئابوورى ڕوونيشكردەوە كە پێويستە سوود لە وانەكانى ئەم قەيرانە ورەبگرين ل□ پێش هەموويان بەرهەمهێنانى نەوت كە دەبێت زياتر بكرێت و دەروازه□كانى هەناردە كردنيش فرە بكرێت و ئابوورى هەمە چەشن بێت و واز لە دەوڵەتى تاكە داهات بهێنين و دووپاتى كردەوەش كە عێراق تواناى گەورەى هەيە كە بەهۆيەوە دەتوانێت ئابووريەكى فرە بنيات بنێت بۆ ئەوەى مافه□كانى كەسەكان و نەوەكانى داهاتووش بپارێزێت.

دەرباره□ى كابينەى حكومەت هەردوو جەختيان كردوە لەسەر گرنگى يەكلايى كردنەوەى بژاردەكانى كوتللە سياسييەكان و پێدانى متمانە بە كەسايەتى كارامە كە تواناى هەبيت وەزارەتەكان بەڕێوە ببات و ڕكابەرييەكان بۆ هەلى سەركه□وتن بگۆڕێت.
لەكۆتاييدا سەماحەتى جەختى كردەوە لەسەر پێويستى پابەندبوون بە دەستوور و گوتى عێراق نا بێت ببيتە دەروازه□ي□ك بۆ هەڕەشەكردن لە ولاتانى دراوسێ و پێويستە عێراق بنەماى كرانەوە بەڕووى هەمووان پەيڕەوى بكات بەپێى بەرژەوەندى خۆى و پاراستنى سەروەرى وڵات.